سەدر داوای ئازادکردنی زیندانیانی سەر بە رەوتی سەدر دەکات

موقتەدا سەدر لەبەری لەوتی سەدر داوای لە حکومەتی عیراق کرد، سەرجەم زیندانیانی سەر بە رەوتی سەدر ئازاد بکات و راشیگەیاند، ئەوانەی تاوانیشیان کردوە بەنوسراوك بەن بدەن کە تاوانەکەیان دوبارە ناکەنەوە، بەوەش چیتر پویست ناکات لە زیندان بمننەوە.

موقتەدا سەدر لە هەژماری تایبەتی خۆی لە پلاتفۆرمی ئیکس (تویتەری پیشو) نوسیویەتی، "لەگەڵ نزیکبونەوەی ڕۆژی شەهیدبونی ئیمام موسا ئیبن جەعفەر، کە لە زیندانی حکومەتی بەنی عەباس کوژرا، من بە بەرژەوەندی دەزانم داوای ئازادکردنی زیندانیان بکەم کە پیان دەڵێن لەوتی سەدر، سەبارەت بە زیندانییەکی خۆماگری، دەسەڵاتی ئیستا بانگەشەی پشتیوانی لە بەرخۆدان دەکات، پویست ناکات لە زیندانداا بمێنتەوە، سەبارەت بە بتاوانەکانیش بانگەشەی دادپەروەری دەکات بەهەمانشیوە پویست ناکات بەردەوام بت لە زیندان، سەبارەت بە تاوانبارانیش ماوەیەکی بەرچاویان لە زیندانەکان بەسەربردوە، بیە ئەگەر بە نوسراو بەڵێن بدەن کە تاوانەکەیان دوبارە ناکەنەوە، ئەوا دەبت ئازاد بکرن".

موقتەدا سەدر جەختیشی لەسەر داواکاریەکەی لە سبەینێ هەینی کردتەوە، بۆ ئازادکردنی زیندانیەکان و لێخۆشبون لە تاوانەکانیان.